# ئۆپۆزسیۆن کێ دروستی کرد و چۆن گەشەی کرد..

## وەڵامێك بۆ کاك (عەلی سیرینی)

ئامانج محەمەد عەبدوڵڵا
سلێمانی

ڕەوتی کاری سیاسی و قوناغەکانی لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دوور نین کە ئێستا هەرکەس بە ئارەزوی خۆی بێت و خوێندنـەوەی جیـاوازی بـۆ بکـات و ڕاستیەکانی ئـاوەژوو بکـات و خـەڵکی چەواشە بکات، ئێمە هـەموومان لـە کوردستاندا دەژین و باش دەزانین ڕەوتـی ڕووداوەکان چۆن هاتوون و چۆنیش دەڕۆن، من نامەوێت ئـەو ڕۆڵ و کـارە جوانانـەی ئێستای هێـزە ئۆپۆزسـیۆنەکان بـە کـەم تەماشا بکـەم و لـە پەرچـەکرداری ئـەو بەڕێزەدا، کە بە ڕای مـن زۆر بێویـژدانی کردووە بەرامبەر یەکگرتوو، کـە دەزانـین ئـەو هێـزە بـوو کـە بناغـە و سـەرەتای دەسـتپێکردنی کـاری ئۆپۆزسیۆن بـوو، لەگەڵ ئەوەی کە هـەموو کارێك ڕەخنـە هەڵــدەگرێت و خــاڵی نییـــە لـــە کـەموکورتی، کـە ڕاشـکاوانە چـەندین ڕەخنەمان لەو قۆناغـە هـەبووە و هەیـە، هەر وەك چۆن ڕەخنەی زۆرمان لـە کـار و هەنگاوەکانی ئێستاش هەیە، بەڵام دەبێت ڕەخنــە جیاکەینـەوە لـە چەواشـەکاری و ئاوەژووکردنـەوەی ڕاسـتییەکان، ئێمـــە لەگــەڵ ئــەوەداین کــە بــە چـاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینـە ڕابـردوو، ئـەویش لەپێناو وەرگرتنی ئەزمون و هـەنگاوانانی باشتر ڕووەو ئاینده، بەڵام لـە چاوکردنی چـاویلکەی ڕەش و بینـینی ڕابـردوو بـە ڕەشی، نـەك ئـەزموغان نـاداتێ، بـەڵکو بەرچاومان ڕەش تـر دەهێڵێتـەوە کـە لـە ئێستاشدا بـەردەوام لـە هەڵـەدا بـژین و نەتوانین شتەکان وەك خۆیان بینین، ئـەو کاتـەش بۆچـوونەکان وەك وڕێنـەیان لـێ دێـت و دەبێـت تـەنها بـۆ پێکـەنین و گاڵتەجاڕی گوێیـان لـێ بگـرین. لێـرەدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەمەی کە وەڵامی کاکە سیرینی دەدەینەوە دەبێـت زۆر مـەمنونمان بێـت، چـونکە بـۆ ئەوەیـە تووشی ئـەو گاڵتەجاڕییـــە نـــەبێت. پـــێم وایـــە وەڵامدانـــەوەی هـــەموو بڕگـــەکانی نووسـینەکە، پێویـست نییـە و شـایەنی کات پێوە کوشتنیش نییە، بـەڵام ئـەوەی گرنگە، ئەوەیە کە چەند ڕاستییەك وەبیر ئـەو بـەڕێزە و هـەموو خـەڵك بێنینـەوە، لەوانـە: گـەورەترین کۆسـپ لەبـەردەم کارابوونی ئۆپۆزسیۆن و دیموکراسیەت و مەدەنیـەت و قبـوڵکردنی فرەڕەنگـی و فرەدەنگـــی، بـــارودۆخی کوردســـتان ناجێگیربوونی بوو لە هەموو ڕوویەکەوە، لەگەڵ ئەو بارەشدا ئەوە یەکگرتوو بـوو، وەك هێزێکی نوێ و جیاواز لـەوانی تـر و بـە بەرنامەیـەکی تۆکمـە و هـەڵقوڵاوی کوردســتان هاتــە ناومەیــدانی کــاری سیاسی.

کـە یـەکگرتوو هـات، ئـەوانی تـر هەموویان خەریکی یەکتر قڕکردن بوون و هەرچی چەکی سوك و قـورس و هـی خۆیـان و وڵاتـانی تـر هەیـە، هـەموویان بەرامبەر یەکتر بەکارهێنا و ئەوەی پێیـان کـرا بـە کـورد و بـە یـەکتری بـە نـاوی کوردایەتییـەوە کردیـان، لـەو کاتـەدا چ هێز و حیزبێك هەبوو کە پشتی بە دەبابە و تـەیارە و چـەکی دوژمنـانی کـورد نەبەستبێت و شانازیشی پێوە نەکردبێت.

یەکگرتوو کە دەرکەوت، لە هـەموو لایەکـەوە دەسـتی چـەکدارکردنی بـۆ درێژکراو زۆریش هەوڵدرا بـۆ ڕاکێـشانی بۆ نێو هاوکێشەی ململانێکان، بەڵام کە سـەربەخۆ و سـەرفراز و مەدەنیانـە و خۆڕاگرانـە، بەرگـەی هـەموو فـشارە نێوخـۆیی و دەرەکیـەکانی گـرت و وەك هیوایەك بۆ گەلەکـەی خـەباتی مـەدەنی دەست پێکرد و ڕچـەی نـەفرەتکردن لـە توندڕەوی و براکوژی و ناکۆکی نێوخۆیی شکاند و لە بەرامبەر خوێنڕێژیدا کە زۆر ئاسان بوو، نەفرەتی کرد لـە عەقڵیـەتی توقاندن و کوشتن و برین و خۆفرۆشـی و شـانازیکردن بـە لـەناوبردنی یـەکترەوە، هێزێك سـەر بـە هـیچ وڵاتیـك نـەبێت و بیەوێت خەڵك فێری یـەکتری قبـوڵکردن بکـات و لـە بەرامبـەر ئـاگر و ئاسـن، زمانی گفتوگۆ بە کاربهێنێت و لە جێـی سندوقە فیشەك حیزبەکان و خەڵك ڕووەو سندوقی دەنگدان هان بـدات، لـەجیاتی چـاندنی تـۆوی ڕق و کینـە، نـەوەکانی کوردسـتانی پـەروەردە کـرد لەسـەر ڕەوشـتبەرزی و خۆشویـستنی یـەکتری و نیـشتمانپەروەری ڕاسـتەقینە، لـەجێی هەتیوخستنی دەیان هەزار منداڵ، کەوتە سـواڵکردن بـۆ هـەتیوەکان و خـەڵکی هەژار و کەسوکاریان، ئایا هێزێکی ئـاوا کـە بـەردی تێبگـری و ئـەو بـەردت تێبگرێت، دەبێت جوڵـە و هـەنگاوەکانی چۆن بێـت و ئـەو ئەرکـە قورسـە چـۆن ڕاپەڕێنێت، من لە کاك سیرینی دەپرسم.. ئەو لەکوێ بوو کاتێك یەکگرتووەکان بـە پاساوی ناڕەوا زیندانی دەکران و بـەعس ئاسا ئەشکەنجەیان دەدرا و نانبڕاو دەکران و دوور ئەخرانـەوە و سـوکایەتییان پـێ دەکرا و، بە هەموو شێوەیەك دژایـەتییان دەکـرا، بـەڵام ئـەوان سـەرەتای خـەباتی بەرەنگاربوونەوە گەندەڵی و وەستانەوەیان دژی ستەم و تاکڕەوی و داخراوی دەسـت پێکرد و بناغەی ئـەو ڕۆژەیـان دانـا کـە ئێستا بەڕێزتان لاف لێ بـدەن و وابـزانن هەروا بە ئاسانی بەرهەم هاتووە، کە زۆر جێی خۆیەتی بڵێین هاتوونەتە سەر حازر، پێتان خۆش بێت یان نا، ئەوە یـەکگرتوو بوو یەکەم هێزی قوربانیدەر و بەدیهێنەر بۆ ئەم ڕۆژەی کە ئێستا هێـزی تـری لـێ کۆبووەتەوە و گـەورەتر و کـاراتر هـەنگاو دەنێت. سـەرکەوتنی پـڕۆژەی یـەکگرتوو لەوەدایە کە ئامانجەکانی هاتووەتە دی و، کار بە دروشمەکانی دەکرێت لـە بـوارە جۆربەجۆرەکاندا وەك وەلانانی عەقڵیـەتی یـەکتری قبـوڵ نـەکردن و تونـدڕەوی و پـەنابردن بـۆ سندوقەکانی دەنگـدان و ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری ئازاد و شەفافیەت و ڕوبەڕوبوونەوەی گەنـدەڵی و دەیان ئامانج و دروشمی تـر، کـە ئێـستا خۆشـبەختانە کەسـانێك داکـۆکی لـێ دەکەن، کە پێشتر خۆیان کۆسـپی گـەورە بـوون لەبەردەمیـدا، ئـەوەتا ئێـستا وەك خۆیان دەڵێن تۆبەیان کـردووە و باوەڕیـان هێناوە بەو کارانە و نەفرەت لەو ڕابردووە دەکەن کە ئێمـە قوربانیمـان دا لـەپێناو کۆتاییپێهێنانیدا. ئەوەتا ئێـستا باوەڕیـان بە ئازادی و یەکتری قبوڵکردن هێنـاوە و دژی سەرکوتکردن و شەڕ و تونـدڕەوین و دەیانەوێت بە هەڵبژاردن گۆڕانکای بکەن و کۆتایی بهێنن بە گەندەڵکاران، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە پڕۆژەی یـەکگرتوو پڕۆژەیـەکی چاکـسازی و گۆڕانکارانـەی سیاسی و فەرهـەنگی و کۆمەڵایەتییـە و گـەورەترە لـە حیزبێـك و سـەرکەوتنێکی ڕێژەیی و گەیشتن بە چەند دەستکەوتێك، یەکگرتوو قەناعـەتی وایـە ڕاستییەکان بگەڕێنەوە ناو خەڵك و جەماوەر و، ستەم کۆتایی پێبێت و دەسەڵات و حـوکمڕانی دوور بێت لە گەنـدەڵی و ناعەدالـەتی و پێشێلکردنی مافەکان. بەداخـەوە کـاك سـیرینی دەڵێـت (بـە سـوك و زەلیلـی دەستیان لەسەر سینگ بوو بـۆ پـارتی و یـەکێتی.. مـرۆڤ هـیچ گۆڕانکارییـەك و پێـشکەوتنێکی بـەدی نـەدەکرد، هـیچ ستراتیجیەتێکیان نەبوو...). مـن دەپرسـم کامـە سـوکایەتی و زەلیلییـە، ئـەوەی یەکگرتوو کە ڕێـزی لـە بەرامبـەرەکانی گرتووە و بەوە سەنگ و قورسایی خـۆی لـەناو کوردسـتاندا دروسـت کـردووە و بەرامبەرەکانی ناچـارکردووە کـە ڕێـزی تەواوی لێ بگرن و گوێی بـۆ بگـرن، یـان ئـەوەی کـە هـەر ڕۆژەو سـوپای وڵاتێـك بهێنێت بۆ سەر کورد و خـوێنی کـورد و شەرەف و ئـابڕووی کـورد بـۆ کورسـی و دەستکەوتی حیزبی و بنەماڵە بفرۆشـی، ئەوە سوکایەتی و زەلیلی نییە کە پـارە و سـامانی وڵات و خـەڵك بـدزیت و لـە بانکـەکانی ئـەوروپا بیـشاریتەوە و سەرشـۆڕیش بیـت بـۆ هـەموو کـەس، لـــەوەش سەرشـــۆڕانەتر و ســـوکتر و زەلیلانـەتر ئەوەیـە کـە کەسـانێك لـەو ڕۆژەدا بەشـداریيان کـردووە و بێـدەنگ بـوون و دەستخۆشـییان لـێ کـردوون و بەشـی شـێریان بـۆ خۆیـان بـردووە، سەرشـۆڕی و سـوکی بـۆ ئەوانەیـە کـە ئێستا زمانیان درێژە و یـەکگرتوو فێـری قسەی کردن و زاتـی شـکاندن و تۆبـەی پێکـردن و شـەرمەزاری کـردن و لـە کۆیلایەتی ڕزگاری کردن و تێیگەیانـدن، کە دەبێت بە هەموومانـەوە بووەسـتینەوە دژی زەلیل و سەرشۆڕەکان، خوای گـەورە بـە تەوبـەکردن تاوانـەکان دەسـڕێتەوە و بگرە دەیکاتەوە بە چاکەش، بەڵام وانابینم لەبەردەم میللەتدا تەوبەکردن، تاوانەکان بیر بەرێتەوە.

بەهـــەرحاڵ.. دێمـــەوە ســـەر بێویژدانییەکانی سیرینی، کـە دەڵێـت" هیچ پێـشکەوتن و گۆڕانکارییـەك بـەدی نەدەکرا".

دیـسان دەپرسـم گۆڕانکـاری لـەوە زیاتر چییە کـە ئێـستا تـۆ و سـەدان و هەزارانی وەك تۆ و هێزە ئۆپۆزسـیۆنەکان دروست بوون و خەباتی مەدەنیانـەی وەك یـەکگرتوویان دەسـت داوەتـێ و وازیـان هێنـاوە لـە تـاکڕەوی و خـوێن و ئـاگر و ئاسن و فیشەك و چوون بەگژ ستەمدا و ڕوبـەڕووی بـرادەرە دز و گەندەڵـەکانی دوێنێیـان بوونەتـەوە، کـە خۆیـان بـاش دەیانناسن و لە فیکەی یـەك تێدەگـەن و نهێنییەکانیان لای یەکتر هەیە، گەر ئەمە گۆڕانکای نییە، چییە؟! گـەر یـەکگرتوو نەبوایە، جگە لە زمانی شەڕ و تفەنگ و کوشـتن، چـی تـر هـەبوو؟ بـە تـەواوی قەناعەتـەوە دەڵـێین.. سـەرکەوتنی یـەکگرتوو، کۆتـایی هێنـا بـە شـەڕی نـاوخۆ، کۆتاییهـاتنی شـەڕی نـاوخۆ، گـەورەترین دەسـتکەوتە بـۆ یـەکگرتوو، دروسـتبوونی ئـەم ڕۆژە تەنهاوتـەنها بەرهـەمی پـڕۆژە و کـاری یـەکگرتووە، چونکە لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە و پاش ئەوەی یەکگرتوو چەندین ڕێگە و شێوازی کـاری تـاقیکردەوە بـۆ چاکـسازی و ڕوبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ناعەدالەتی، بەڵام سودی نەبوو، تا کار گەیشتە ئەوەی کە خۆی ئامـادە بکـات بـۆ قوربانیـدان لەپێناو لیستی جیاواز و فرەڕەنگـی، ئـەو بوو خـوێنی بەخـشی، سـەرکردەی کـردە قوربـانی، ئـەو کـارەش تـەنها پەیوەنـدی نـەبوو بـە دەڤـەری پارتیـەوە، بـەڵکو بەرنامەکە سەرتاسەری بوو، لە پارێزگای سلێمانیش هەمان پیلان هەبوو، بەڵام بە دژە پیلانێکی تر پووچەڵ کرایەوە، با باش بزانیـت ئـەو دەسـتەی دەیویـست لـە سلێمانی دژی گۆڕانکاری بەرەوپێشچوون بووەستێتەوە، ئەوانە بوون ئێـستا تـۆ بـە شـــانوباڵیاندا هەڵـــدەدەیت و بـــە ئۆپۆزسیۆنیان دەزانیت و خۆت بائـەدەیت پێیانەوە، یـەکگرتوو ئەوکاتـە گۆڕانکـای کرد کە ترسی خستە نێو دڵی دەسەڵاتەوە و بەرەیـەکی نیـشتمانی پێکهێنـا بـۆ وەستانەوە دژی زەلیل لەبەردەم دەسـەڵاتی گەنــدەڵی کورد کــوژدا، ئێــوە گــەر دەمیـــشتان بووبێـــت، ترســـنۆکانە نەتانـدەوێرا خۆتـان دەرخـەن و لـە دوورە وڵاتەوە قسەتان فـرێ دەدا و واتانـدەزانی هیچتان نەهێشتووەتەوە، ئەوەش دەتانکرد بـــە قـــورمیش و ئاراســـتەی دەزگـــا سیخوڕەکان بوو، کە شەڕی ناوخۆیان پـێ گەرم دەکردن و بـوقی نهـێنی دەسـەڵات بـوون، زەلـیلتر بـوون لەوانـەی کـە بـە ئاشکرا قەڵەمی خۆفرۆشی شەڕی نـاوخۆ بوون، ئێوە هەق نییە ورتەتان لێ بێـت و لەڕووتان بێت وشەیەك بڵێن، ئێـوە هـەتا توانیتان خۆتان فرۆشت و وڵاتتان هـەراج کرد و هەرچی پیرۆزی هەیە وەڵاتـان نـاو خۆتان سوك کـرد و ویـستتان کوردیش سوك بکەن، بەڵام یەکگرتوو هات و ئێوە و میللەتیـشی ڕزگـار کـرد، بۆیـە شەرمەزارییە جگە لە سـوپاس و داننـان بە واقیعدا، هیـچی تـر بڵـێین بەرامبـەر یەکگرتوو.

لەبارەی نەبوونی ستراتیجیەتیـشەوە، پێویستە ئەوە بڵێین کـە ئـەو بـەڕێزە زۆر نەزانانە کەوتووەتە هەڵـەوە، یـان ئەوەیـە لـە سـتراتیجیەت نەگەیـشتووە و تـەنها وشەکەی بیـستووە، یـان دەیـەوێت خـۆی گێل بکات. باشە حیزبێك لە هەموو ئەو جەنگەڵـستانەدا تـوانیبێتی بـەناو ئـەو هەموو دڕك و داڵەدا و بەناو ئەو هـەموو لـوغم و ئـاگر و ئاسـنەدا و لـەنێو ئـەو هـەموو پیلانـە ژەهراوییانـەی نـاوخۆ و دەرەوەدا بتوانێت بگاتە ئەو قۆناغەی کە ئێستا سەدان هەزار لایەنگر و هەواداری هـەبێت و سـەرکەوتنی گـەورەی لـەناو خەڵکدا بەدەستهێنابێت و لەترسـی ئـەم هێـزە و بۆئـەوەی نەبێتـە تاکـە هێـزی مەیـدان و خـەڵك هـەمووی ڕوی تـێ نەکات، هێزی تر دروست بن و کار بکەن هاوشێوەی ئـەو و بەرنامـەی ئـەو پـەیڕەو بکەن، ئایا ئەمە ستراتیج نەبێت، چییە؟ سـەرکەوتنی سـتراتیجیەتی یـەکگرتووە ئێستا لـەجیاتی هەڵگیرسانەوەی شـەڕی نـاوخۆ دەبیـنین حیزبێکـی وەك یـەکێتی دوولەت دەبێت و بە خوێنی سەری یـەکتر تینوون، بـەڵام لـە ترسـی ڕیسوابوونیان لەبەردەم جەماوەردا ناتوانن پەنا بەرن بـۆ چەك.

ئەنـــدام پەرلـــەمانی ئـــەرکێکی گەورەیە و وردەکاری و شارەزایی دەوێت و بە موزایەدە و هاشە و هوش نابێت، ئـەم قسەیەشم واتای ئەوە نییە کـە بـە ڕۆڵ و گـــەورەیی ســـەرجەم ئەنـــدام پەرلەمانـــە ئۆپۆزسـیۆنەکان نـەزانم، هەقـە هـەموو میللەت دەست بە سنگەوە بگرێت بۆیان، چـــونکە ئەوانـــە ڕۆڵـــی ڕاســـتەقینەی پەرلەمانیان گێڕایەوە، بەڵام ئـەوە دەڵـێم، ئەو واقیعە بـە خـوێن بەخـشین دروسـت بوو، نەك بە دوو تەپڵ لێدان.

خوێنی سەرکردەکانی یەکگرتوو بوو ڕێگەی خۆش کـرد ئـەو برادەرانـە تـەپڵ لێدەن، باشە خوێنبەخشین گەورەترە، یـان تەپڵ، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵـێین کە دەیان هەڵۆیستی تر هـەبووە کـە لـە تەپڵ زیاتری ویستووە، بەڵام ئەو برادەرانە لەبەر هەڵۆێستی سیاسی و بە تـەوجیهی سـەرەوەی خۆیـان نقـەیان لـێ نـەهاتووە، باشە هەر لە سەرەتاوە لیستی یـەکگرتوو تکای دنیای لێ کردن کـە هەڵۆیـستیان هەبێت لەسەر دانانی سەرۆك پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و لیژنەکان و سـەرۆکی حکومەت و چەندین یاسا، بـەڵام ئـەوان زۆر بە ڕاشکاوانە خۆیان لێ دزیەوە، ئایـا کاکە سیرینی بۆ ناپرسێت جـاران ئەوانـە بـۆ دژی زۆری دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هەرێم بوو و تا توانییان کردیانە گرمە و هـــاوار، بـــەڵام ئێـــستا وەك لـــە چـاوپێکەوتنەکەی قـەناتی جـەزیرەدا بـە ڕوونـــی دەرکـــەوت کـــە وازیـــان لـــەو مەسەلەیە هێناوە، ئێستاش ئەو بەڕێزانـە چـەندین چـپە و پەیوەنـدی ژێربـەژێریان هەیـە لەگـەڵ پـارتی و قەناعـەت و ویژدانی خۆیان تەجمید کردووە بۆ چـەند دەفتەر دۆلارێك و، لەوانەیە پێمـان بڵـێن ئەوە سیاسەتە، بۆ ئەوان حەڵاڵە، بەڵام بۆ یـەکگرتوو حەرامـە، کـە بـە بەرنامـە و هەنگاوی ورد کار بکات و ئـەم قۆناغـە بەرهەم بهێنێت. ئەو برادەرانە تەنها دژی حیزبێك و کۆنە سکرتێرەکەیانن و، ئەوان ئۆپۆزسیۆنی شارێکن و لە پەرچـەکرداری وەزعێکـی نائاسـاییدا دروسـت بـوون و کـارێکی سیاسـی و کاتییـان هەیـە و زۆربەی چاودێران سیاسی باوەڕیان وایـە کە تا سەر وا نـامێنن و ئـەوەی دەیکـەن وەك ئەرکێکـە و پێیـان سـپێردراوە و لـە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئاسانی لاوازیـان دەردەکـــەوێت زوو هەڵـــچوون و زووش دێنەوە جێی خۆیان (کە من دەڵێم خۆزگە وانەبوایە).

بەهەرحاڵ.. دەخوازین بەردەوام بن لە تەپڵلێدان، بەڵام بۆ هەموو شتێکی ناڕەوا و دژ بـە میللـەت، بـەڵام نـەك دوای تەپڵەکە یەکسەر ڕابکەن بۆ لای سەرۆکی پەرلەمان و نهێنی و ئامـانجی کارەکـەیان بدرکێنن..

سـیرینی دەپرسـت پەرلـەمانتاری یـەکگرتوو خـەریکی چـی بـوون و بـۆ تەپڵیان لێنەداوە تا ئێستا؟

لە وەڵامدا دەڵـێین: یـەکگرتوو هـەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە خەریکی تـەپڵ لێدان بـووە دژی ناعەدالـەتی و ستەم و خوێنڕێژی، بەڵام بە شێوازی خـۆی و بـە بەرنامەیـــەکی ورد و لەســـەرخۆ و بەرهەمـــدار و قۆناغبەنـــد، ئـــەوەتا بەرهەمەکـــەی ڕوون و ئاشـــکرایە و میللەتی فێر کرد و خەڵکی ڕاهێنا تاکو کەسانێك بچنە پەرلەمان کە وشیار بن و بە تەپڵ ڕووی خۆیان سپی بکـەن، ئـەوە بەرهەمی ڕەنج و ماندوبوونی یـەکگرتووە کە چەندین سـاڵە خەریکیـەتی، کاتێـك باسی بەرهەمێکی ئێستا دەکرێـت، زۆر بـێ ویژدانییـــە باســـی ســـەرەتا و زەمینەسازییەکانی پێشتری نەکرێت، کێ بوو ڕاپۆرتی دژی گەندەڵی ئامـادەکرد و دنیـای پڕکـرد لـە باسـی شـەفافیەت و عەدالەت؟

کێ بوو لە بەغداوە زانیاری بودجەی شەفافانە باس کرد و ڕەخنەی لێ گرت و خەڵکی تری فێری قسە کرد لەوبارەیەوە؟

گەر یەکگرتوو نەبوایە کێ دەیزانـی پـارەی هـەرێم چـەندە و چـۆن سـەرف دەکرێت، گەر یـەکگرتوو نەبوایـە، چۆن ئـەو بودجەیـەی ئێـستا خراوەتـە ڕوو و قـسەی لەسـەر دەکرێـت، بـەو شـێوەیە دەخرایە ڕوو؟

کەواتـە بـا سـیرینی بـەڕێزیش بـاش بزانێت کە یەکگرتوو چەند ساڵە پیـازی پاك نەکردووە، بەڵکو خـەریکی پـەروەردە و پێگەیانـدنی نەوەیـەکی وشـیار بـووە، خەریکی داهێنانی سیستەمێك بووە کـە تـــەنها پەرلـــەمانتاری وریـــا بەرهـــەم بهێنێـــت، خـــەریکی لاوازکردنـــی دکتاتۆریـەت بـووە، خـەریکی بـڕینی قۆناغە سەختەکانی تێکشاندنی تاکڕەوی بـووە، خـەریکی ئامـادەکردنی زەمینـەی وەستانەوە بووە دژی گەندەڵی بە کردەوە و بـە پـڕۆژە، نـەك بـە قـسە و هـاوار و موزایەدە..

ئێستاش پیرۆز بێت لـە هـەموو ئـەو کەسانەی کە وشـەیەك و هەڵۆیـستێك و دەنگێك و نەخێرێك بەرامبـەر دەسـەڵاتی خۆسـەپاندن دەنـوێنن، بـەڵام تکایـە بـا ویـژدان زینـدوو بێـت، ڕابـردووی کـەس نەشێوێنرێت و دەنـگ و ڕەونـگ و هێـزە جیاوازەکـــان یەکبخـــەین دژی گۆڕانکوژەکان و قەڵای ستەمکاران.



پیرۆز بێت لە هەموو ئەو کەسانەی کە وشەیەك و هەڵۆێستێك و دەنگێك و نەخێرێك بەرامبەر دەسەڵاتی خۆسەپاندن دەنوێنن ..